


# جلی بووک بۆ ساڵی تازە

بەدڵلەکانی بووک لە مۆدە تازەکاندا بەردەوامن و لەگەڵ هاتنی مۆدەی تازە، شێوە و نەخشی تازە دەردەکەوێ، بۆ ساڵی تازە و مۆدەی جلەکانی بووک، ئەو مۆدەیەمان بۆ هەڵبژاردوون، کە ناسکترین بەدڵلەیە بۆ ساڵی (٢٠١١)، لەگەڵ گشت جۆرە پێستی خانمان دەگونجێ و بە ڕازاوەیی دەردەکەوێ

## تەسریحەی قژی کراوە و خاو بۆ ٢٠١١



لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ، مۆدەکان بە گشتی گۆڕانکارییان بەسەردا دێ و مۆدەی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، لێرەدا باس لە مۆدەی قژێکی تازە دەکەین کە شێوەیەکی تازە لە خۆ دەگرێ و دەبێتە مۆدەی تەسریحەی ساڵی تازە، کە لەلایەن دیزاینەران و ئامادەکارانی تەسریحەکانی قژەوە دانراوە، ئەو تەسریحەیە بە مۆدەی قژی خاو دەناسرێ و شێوەیەکی کراوە لە خۆ دەگرێ، لە ڕێگەی ئەو مۆدەوە دەکرێ خانمان سوود لە بیرۆکەی ئەو تەسریحەیە وەربگرن بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوو کاری بۆ بکرێ.

Email: iwan_gardi@hotmail
Mobile: 07504679560






# شاڵ بۆ دەرخستنی ناسکێتی گەردن

جوانی ئێکسسوارەکان بە چەندین مۆدەی تایبەت و جوان دەردەکەون، لێرەدا شێوازی جلەکان بە ناسکی و رازاوەیی دەبێ، بۆیە دەکرێ ئێکسسوارەکان لەگەڵ ئەو جلانە بگونجێ کە جوانییەکی تایبەت و رەنگین دەردەخەن، بۆ نموونە کاتێك کراسەکان دەپۆشرێن و مل دەرکەوێ، دەکرێ (شاڵ) ببەسترێ، کە جوانییەکی زۆر ناسك و رازاوە لە خۆ دەگرێ، جوانی شاڵ لە جوانی نەخش و ئەو جۆرە قوماشەی لێوەی دروست دەکرێ، چونکە بە ناسکی لەسەر مل دەردەکەوێ و شێوازێکی کراوە لە خۆدەگرێ، رەنگەکانی شاڵ بە پێ خواستنی خانمان دەبێ ئەمەش وەك حەزێك لە چ رەنگێك بۆ ئەوەی لەگەڵ رەنگی پێستیان بگونجێ، هەروەها شیاو بێ لەگەڵ جوانی جلەکان.

# جلوبەرگی خانمانی بچووک



جلەکان بۆ گشت خانمان بەسوودن، تەنانەت خانمانی بچووکیش کە شیاوی جوانکردن و رازانـــەوەن، بۆیە لە رێگەی جوانیان، توانا و لێهاتوویی دایکان یـــان ئەو خانمانەی جلی ئەو خانمە بچووکانە هەڵدەبژێرن دەردەکەوێ و مۆدەیەکی جوانی لێوە دەردەکەوێ، خانمانی بچووك پێویستیان بە جلێکی ناسك و تەنکە، ئەمەش بۆ ئەوەی بە ئاســـانی و ســـادەیی جووڵە بکەن، ئەمەش وادەکات ببێتە جلێکی کراوە و ناســـك کاتێك دەپۆشن، هەوڵدان بۆ دەرخستنی دیمەنێکی کچانە و مێیینە یەکێکە لـــە هەنگاوەکانی هەڵبژاردنـــی جلەکانە بۆ






خانمە بچووکەکان، دەکرێ رەنگەکان تێکەڵ و جیاواز بن، ئەمەش زیاتر کار دەکاتە ســـەر جوانی و سەرنجڕاکێشی لە جلی ئەو خانمە بچووکانە، بۆیە جلی منداڵەکان گوزارشـــت لە جوانی و رازاوەیی دایکان و کەســـوکاریان دەکا.



## شمشاڵ هەستەکانی مرۆڤ دەجووڵێنێ!

شمشاڵ وەك ئامێرێکی میوزیکی کوردی ڕەسەن، بە دەنگێکی نایاب و خۆش دەتوانێت هەست و سۆزمان بجوڵێنێتەوە، تەنانەت سیمایەکی جوان و ناسك بەو کەسە دەبەخشێ کاتێك دەیژەنێت، وەك دەنگێکی کوردی ڕەسەن، گوزارشت لە هەست و خۆشی دڵی مرۆڤ دەردەخات و دەنگێکی زووڵاڵ دەهێنێتە کایەوە، زیاتر شمشاڵ لە دار دروست دەکرێ و زیاتر لە داری قامیش یان دار گوێز و چەندین جۆرە داری دیکە، یەکێك لە بەناوبانگترین شمشاڵ ژەنی کورد (قالە مەڕە)یە، ئەویش لەم ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد.



## سەیرترین تەختەی ناو پۆل

هەمیشە زانیومانە تەختەی ناو پۆلەکانی خوێندن دەبێ بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بێ بۆ ئەوەی وانە و ڕێنمایی لەلایەن مامۆستاوە شیبکرێتەوە لەسەر ئەو تەختەیە بۆ قوتابیان، کەچی وادیارە لە هەندێك شوێن ئەو تەختانە لە شێوەی دیکەن و تەنانەت قەبارەیەکی ئەوەندەیان هەیە، کە مرۆڤ سەرسام دەکات، ئەوەی لەم وێنەیە دەردەکەوێ، یەکێکە لە گەورەترین تەختەکانی ناو پۆل، ئینجا وەرە قوتابی خۆی مێشکی لەلای وانە نییە و ئەو ڕێژەیە نووسینە هەبێ و تێبگات.

## جلوبەرگ لە پێستی ڕاستەقینەی مار

یەکێك لە نمایشە سەیر و جوانەکانی نمایشکاری فەرەنسی (هیرمس)، کە لە دواترین نمایشەکانی لە وڵاتی کەنەدا کردەوە، لە نمایشەکەدا یەکێك لە جلەکانی بریتی بوو لە پێستی ڕاستەقینەی مار، کە هەڵساوە بە کۆکردنەوەی پێستی بەجێماوی ماری سرووشتی و ئەویش لەلایەن خۆیەوە کردوویەتی بە جلێکی سەیر و جوان، وەك دەبینن لەسەر جلەکە نووسراوە: مار ئازار دەخوات کاتێك پێستەکەی دادەنێ!





## ئافرەتێکی بێ دەست و قاچ

مرۆڤە بەهێزەکان لەگەڵ ئەوەی تووشــی کارەساتەکان دەبن، کەچی لە ژیاندا بەردەوام دەبن و بە خۆشـــییەوە سەیری ژیان دەکەن، لێرەدا کە باسی ئافرەت دەکرێ، بە (حورمە) ناوزەند دەکرێن، کەچی ئەم وتەیە تا رادەیەك جێگیر نییە، نموونەش بۆ ئەو قســـەیە ئەو ئافرەتەیە کە ســـەرەڕای نەبوونی دەست و قاچـــی، کەچی لە ژیانێکی خۆشیشـــدا دەژی. ئـــەو ئافرەتە نـــاوی (مەلەك)ە و خەڵکی وڵاتی تورکیایە، لەگەڵ ئەو پیاوە کە ناوی (مهمەت)ە و لە وڵاتی دانیمارك یەکتریـــان بینی و بـــەم دواییە منداڵێکیان بووە، جگە لەوەی ئافرەتەکە دەست و قاچی نییە و لە ژیانیش دڵخۆشە.



# لە کوردستانیش گرنگی بە ئاژەڵان دەدرێت

**ئامادەکردنی: ڕەوەند بەختیار**

خەڵکـــی کوردســـتانیش وەك هەموو خەڵکانی جیهان بە گرنگەوە لە ئاژەڵان دەڕوانن، ئەگەر چی هەندێ جار ئەو بۆچوونە بە پێچەوانەوەیە، بەڵام ئەوەتا لە شاری هەولێریش لە لایەن خێزانێکی ئەو شـــارەوە ســـەگێکی جوانکیلە بە ناوی لوسی بەخێو دەکرێت و تەنانەت هەفتانـــە بە کەلوپەلـــی تایبەت و لە شوێنێکی گونجاو دەیشۆن و بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەن.








**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەمـــاوەی داهاتوودا بەخــت دەبێتـــە هاوڕێت، بە شێوەیەك ئەو خەونانەی لە ساڵی رابردوو بەدینەهاتوون بەرێژەیەکـــی زۆر چاوەڕوانـــی بەدیهاتنیان دەکرێت لەساڵی نوێدا.بەشێوەیەکی گشتی ساڵی نوێ بۆ ئێوە زۆر گرنگ و خۆش دەبێت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پێش ئەنجامدانی هەر کارێك دەبێت باش بیرکەیتەوە، لەوانەیە هەڵەیەکی بچوك ببێتە هۆی شکستهێنانی پرۆژەکانت، پێشبینی دەکرێت پێوەندیت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکت ئاسایی ببێتەوە کە ماوەیەك بوو پێوەندیتان وەك جاران بەهێز نەبوو.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بە دڵێکی خۆشـــەوە پێشـــوازی لەساڵی نوێ بکـــە، زۆر لە خەونەکانت دەبنە راســـتی و بە ئاواتەکانت شـــاد دەبیت. لەهەمووی گرنگتر پێوەندی نێوان خۆت و ئازیزترین کەســـت زۆر بەهێز دەبێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەماوەی رابردوو هەندێك گرفتی بچووك هاتنە سەر رێگات، لەماوەیەکی نزیکدا چارەسەریان بـــۆ دەدۆزیتەوە. کەســـی بەرامبەر زۆر تۆی خۆشـــدەوێت، بەڵام هەموو خۆشەویستیەکەی دەرنابڕێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

چەنـــد گۆڕانکاریەکی گرنـــگ لەرێگادان کە کاریگەری دەبێت لەســـەر ئاییندەی ئێوە، لەئێســـتاوە خۆت ئامادە بکە و هەموو توانای خۆت بەکار بهێنە بۆ ئەوەی بتوانیت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

خەمناك دەبیـــت کاتێـــك پێوەندیت لەگەڵ کەسێك نامێنێت، لەکاتێکدا ئەمە رەنگە ببێتە هۆی ئاسودەیی ئەگەر بەشێوەیەکی تر بیری لێبکەیتەوە، هاوڕێیەکی زۆر نزیکت پێویستی بە یارمەتیت هەیە.



## سرووشتی کوردستان ببینە

سرووشتی کوردستان بە چەندین دیمەن و شوێنی جوان رازاوەیە، تەنانەت هەندێك شوێن هەن جێگەی دڵخۆشی و دڵنەواییت دەدەنەوە و، لەو کاتەی هەر کەسێك دڵی ناخۆش بێ، سەردانێکی یەکێك لە شوێنە جوان و رازاوەکان بکات، دەبێتە هۆی خۆشی و شادی، ئەو شوێنە پێیدەگوترێ (سەرەتەکی بەمۆ) کە دەکەوێتە سنووری شاری سلێمانی، لە ناو جەرگەی چیا ئاوێکی ساف و جوان دێتە خوارەوە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئـــەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گۆرانیبێژێکی کوردیت بۆ دەرچێ .

ە ر ژ ە ێ د

وەڵامی ژمارەی پێشوو (گارە)

## نوکتە

**برنادشۆ (گـەورە نووسـەری ئیرلەنـدی) دەڵـێ: نوکتە بچووکترین بەشـی ئەدەبە!**

-چەنـد برادەرێك پێکەوە دەبن یەکێکیان دەڵێت ئەگەر ببم بە سـەرۆکی وڵات تۆ دەکەم


بە فلان شت و تۆش بە ئەوە و نزیکترین هاوڕێی لە تەنیشتیەوە دانیشتووە بیری دەچێت پۆسـتی بداتـێ، ئەویش دەڵێ ئەی من؟ هاوڕێکەشـی نازانێت بڵێ چی هیچ پۆستێك نەماوە ئەویا بەسەر شانیا و دەڵێت (کورە تۆۆۆۆۆ.......... رۆحیت...رۆۆۆۆۆۆۆحححححح...

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا (٩) جیاوازی لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە








## ئاســـۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- ســـەیرانگاریەکی کوردســـتانە(پ)- جۆرە فرۆکەیەکە.
٣- جێگای رەبەن- گەورە(پ).
٤- بەشێکە لە لەش — چرا.
٥- پەیامبەرێکـــە(پ)- ولاتێکـــی ئەوروپایە(پ).
٦- نەخێـــر- چیایەکی کوردســـتانە(پ)- دوو پیتی ئەم.
٧- ئیمپراتۆرێکی ئێران بوو- ووشیا.
٨- سێ پیتی کاوە — جۆرە گولێکە(پ)- دەم و چاو(پ)ز
٩- نیاز- نەخێر- سێ پیتی هابیل.
١٠- دراوێکە- پایتەختێکی ئەمەریکیە- نیوەی زەوی.
١١- زانستی زەوی ناسی.
١٢- گردێکی بەناوبانگە لە هەولێر.


## ســـتوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کورد خاوەن وێنەکە.
٢- سێ پیتی پایە- گردێکە لە سلێمانی.
٣- یانەیەکی فەرەنســـی یە- ئامێرێکی مۆســـیقایە- نیوەی جادر.
٤- تەنیشـــت(پ) — ســـەرکردەیەکی ئەوروپـــی بوو (پ)- نیوەی نێلز
٥- دوو پیتـــی داس- درەختـــی — رێـــگا بـــە تورکی(پ).
٦- لینین(ت).
٧- نیوەی رەغ- شارۆچکەیەکی کوردستانە (پ).
٨- دایك بە زمانی هیندی- چیایەکی کوردســـتانە- پاج(ت).
٩- باڵندەیەکە(پ)- نیوەی زیاد.
١٠- بـــزر(پ) وەکو یـــەك- رەنگێکە(پ) — نیوەی ئاغا.
١١- باز- سەیرانگەیەکی کوردستانە(پ).
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

چاوەڕوانی مژدەیەکی خۆش بە، کەســـێك قسەیەکی زۆر خۆشـــت بۆ دەکات و نهێنیەکـــی گرنگت بۆ ئاشـــکرا دەکات، ئەو کەســـە دواتر دەبێتە هاوڕێت، کاتێك تەرخان بکە بۆ ســـەردانی کەسە نزیکەکانت گلەیی ئەوەت لێدەکەن کە ئەوانت لەبیر نەماوە.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئێســـتاش خۆشەویســـتی یەکەم جار کاریگەری لەسەر هەست و سۆزت ماوە، دەبێت دڵنیابیت ئایا ئەویش وەك تۆیە و هێشتا خۆشی دەوێی یان تۆی لەبیر کـــردووە، بەڵام بە هەر شـــێوەیەك بێت زۆر گرانە لەبیرکردنی ئەو خۆشەویستیە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەســـاڵی رابردوو بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە زۆربەی کاتەکاندا بەخت هاوڕێت بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وەك ســـاڵێکی خۆش لەیادەوەریت بمیێنێتەوە، هەوڵ بدە بۆ فێربوونی زمانێکی گرنگ، ئەمە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی کارێکی زۆر گرنگت دەست بکەوێت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دەکرێت بڵێین ئێوە بەختەوەرترین کەسن لەساڵی نوێدا، بەخت لەم بورجەدا دەگاتە لوتکە،زۆربەی خەونەکانت دەبنە راستی. بەشێوەیەکی گشتی پێشبینی سەرکەوتن و ئاســـودەییتان دەکرێت لەگشت بوارەکانی ژیاندا.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەختی ئێوە لە بەرزترین ئاست نابێت، بەڵام لەساڵی رابردوو باشـــتر دەبێت. پێوەندیەکی ســـۆزداری لەرێگادایە، وا باشترە چیتر بیر لەو کەســـە نەکەیتەوە کە تۆی لەیادکردووە، ئەمە لەبەرژەوەندیت دا نییە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

قسەی ناخی دڵت بە کەسی بەرامبەر بڵێ، ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی وەڵام دەکات، راستیەکەی پێ بڵێ و ئەو کات ئەویش ئەمەی زۆر پێ ئاســـایی دەبێت، بەڵام نەك وەك ئێســـتا کە وات لێکـــردووە بەردەوام چاوەڕوانی قسەی ناخی دڵت بکات.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ماردین) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

⬡ ⬡ ⬡ ⬡ ⬡

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەڵێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ، گەورەترین ئێسکی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای ( پێچەوانەی کەسێکی ئاقڵ)

